
FREEDOM OF SOCIETY

کۆمەڵگە

ژمارە(٥٠) هاوین (٢٠٢٥)

سیاسیـــــة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە

ڕێزێک بۆ

# تیۆدۆر ئەدۆرنۆ



## دیالەکتیکی ئاپۆیی: گیان و داینامیکی داهێنان

جەمیل بایک



## دەربارەی دیاردەی ئیشی پڕوپووچ

دەیڤید گرەیبەر



## بانگەوازی ئاشتیی لە کوردستان:

هەڵبەستێک بۆ ژیانێکی باش

سۆمەیە ڕۆستەمپوور

## دەروازەیەک بۆ دیالکتیک

تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

## بۆچی ئیسرائیل هەمیشە لە مەترسییدایە؟

شێروان ئیبراهیم

## کۆمەڵگەی کۆمۆنەی دایک:

گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ کۆڵەکەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی

عارف ڕێین

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکات.


گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥٠ هاوین ٢٠٢٥



ڕێزێک بۆ

# تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

Theodor W. Adorno

**بەشداران**

جەمیل بایک
وەلید عومەر
شێروان ئیبراهیم
وریا ئەحمەد
سۆمەیە ڕۆستەمپوور
عەلی ئەحمەد
ڕوشدی جەعفەر
کۆسار عەبدوڵڵا
نەجیبە قەرەداخی
هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

هاوین ٢٠٢٥

**٥٠**



**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەلانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

## پێڕست

پێشەکی ........ ٧

دیالەکتیکی ئاپۆیی؛ گیان و داینامیکی داهێنانی کۆمەڵگەی دیموکراتییە
جەمیل بایك ........ ٩

دیالەکتیکی سەرمایە
تۆماس ت. سکین ........ ٦٥

بۆچی ئیسرائیل هەمیشە لە مەترسییدایە؟
شێروان ئیبراهیم ........ ٩٧

چەمکی دەوڵەت لە فەلسەفەی مارکس و ئەنگڵسدا
فیلیپ دایر ........ ١١٧

بانگەوازی ئاشتیی لە کوردستان: هەڵبەستێك بۆ ژیانێکی باش
سۆمەیە ڕۆستەمپوور ........ ١٢٧

دەربارەی دیاردەی ئیشی پڕوپووچ
دەیڤید گرەیبەر ........ ١٥٩

دەروازەیەك بۆ دیالەکتیك
تیۆدۆر ئەدۆرنۆ ........ ١٧١

کۆمەڵگەی کۆمۆنەی دایك: گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ کۆڵەکەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی
عارف ڕێین ........ ١٧٩

ئەنکیدو! تۆ چۆن بووی بە شارستانیی؟
محەمەد ئەربای ........ ١٩٥

ڕانانی پەرتووکی (شۆڕشی کۆمەڵایەتیی و ژیانی نوێ)
هەردی دولبەر ........ ٢٠١

## پێشەکی:

گەلی کورد لەسەر ڕێچکەیەکی مێژوویی هەستیاردایە، تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و کردنەوەی دەروازەکانی داهاتوو، پێویستی بە چەکدارکردنی زەین بە میتۆدێکی دیالەکتیکیی هەیە. چیتر ناتوانرێت بە بیرکردنەوەی پارچەپارچە و میکانیزمە نەریتییەکانی ‹کوردایەتی کلاسیک› وەڵامی ئاڵنگارییە ئاڵۆزەکانی سەردەم بدرێتەوە. وەک ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان ئاماژەی پێ دەدات، «ماهییەتی هەر دیاردە و شتێک، لەسەر شێوە و دیالەکتیکی بوون و مانەوەکەی شکڵ دەگرێت.» لەم گۆشەنیگایەوە، تیۆریزەکردن و شیکاریی قوڵی واقیع، دەبێتە مەرجی سەرەکیی هەر هەنگاوێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کاریگەر.

لە بارودۆخێکی وەهادا، ژمارە (٥٠)ی گۆڤاری ‹ئازادیی کۆمەڵگە› هاوکاتە لەگەڵ بڵاوکردنەوە و تاوتوێکردنی «مانیفێستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتیک»ی ڕێبەری گەلان، ئەمەش ڕێکەوتێکی سادە نییە، ئەمە ئەرکێکی فیکریی و مێژوویی دەخاتە ئەستۆی هەمووان. ئەم هەلومەرجە وایکردووە کە پرسە بنەڕەتییەکانی وەک دیالەکتیک، ململانێی نێوان مۆدێلی دەوڵەت–نەتەوە و بەدیلی نەتەوەی دیموکرات، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی و کۆمۆن، لە هەر کاتێک زیاتر ببنە ڕۆژەڤ و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قووڵ بێت.

ئەم ژمارەیەی ‹ئازادیی کۆمەڵگە› هەوڵێکە بۆ چنینێکی تیۆریی–فیکریی لە دەوری ئەو چەمکە سەرەکییانە. بابەتەکان سەکۆیەکن بۆ دیالۆگێکی فرەڕەهەند، کە لە ڕەخنەگرتن لە دیالەکتیکی سەرمایە و دەسەڵاتەوە دەست پێ دەکات، و دەپەرژێتە سەر شیکردنەوەی ململانێی مێژوویی نێوان ‹دەوڵەت› و ‹کۆمۆن›، تا دەگاتە تاوتوێکردنی ڕێگاچارە و بەدیلەکانی سیستمی هەژموونگەرا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.

نووسەران و وەرگێڕانی بەڕێزی ئەم ژمارەیە، هەر یەکەیان لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە بەشدارییان لەم دیالۆگە فیکرییەدا کردووە. بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە بابەتە، خوێنەر بانگهێشت دەکەین بۆ گەشتێک کە لە شیکاریی تیۆرییەوە دەست پێ دەکات، بە شیکاریی واقیعدا تێدەپەڕێت و بە ئاسۆی چارەسەریی کۆتایی دێت. هیوادارین ئەم ژمارەیە ببێتە کەرەستەیەکی بەسوود بۆ بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ و بنیادنانی ژیانێکی ئازادتر.



# دەروازەیەک بۆ دیالەکتیک

تیۆدۆر ئەدۆرنۆ
لە ئینگلیزییەوە: ڕوشدی جەعفەر





ئەم باسەمان دەربارەی چەمکی دیالەکتیک دوور و نزیک پەیوەندیی بەو تێگەیشتنە بەربڵاوەوە نییە گوایە دیالەکتیک جۆرە بیرکردنەوەیەکی دابڕاوە لە شتەکان و قەتیسبوونە لەناو کۆمەڵێک کەرەستەی چەمکییانەی[٢] تایبەتدا. ڕاستییەکەی لە یەکەمین چرکەساتی ڕسکانی چەمکی دیالەکتیک لە فەلسەفەدا، لای ئەفلاتوون، کتومت پێچەوانەی ئەمەی دەگەیاند: دیالەکتیک بە شێوازێکی ڕێکخراوی بیرکردنەوە دادەنرا کە لە فرتوفێڵ و قۆستنەوەی سۆفستاییانە دەمانپارێزێت. بە بڕوای ئەفلاتوون، تەنیا ئەودەم دەتوانین بە ئەقڵانیی دەربارەی شتەکان بدوێین، کە کەمتازۆر لە بابەتەکە تێبگەین (هەردوو دیالۆگی گۆرگیاس و فایدرۆس). کەواتە لە سەرەتای پەیدابوونییەوە، دیالەکتیک تەقەلایەکە بۆ زاڵبوون بە سەر هەر کەرەستەیەکی چەمکییانەی ئەرگۆمێنتسازیی ساختەدا، لەجیاتیدا دەربڕینی بیرکردنەوەی چەمکییانەیە بە دارەت[٣]ێکی بەهەق ورد-داڕێژراو. ئەفلاتوون بە هەمان تفاقی خۆیان ڕووبەڕووی نەیارە سۆفستاییەکانی دەبێتەوە.

بە هەمان شێوە، چەمکی دیالەکتیک وەک ئەوەی لە هزری کلاسیکییەوە پێمان گەیشتووە، زۆر جیاوازە لە مانای ئەم چەمکە لای من. چونکە چەمکە دێرینەکەی دیالەکتیک وەک میتۆدێکی فەلسەفیی دەیخاتە ڕوو. کەمتازۆر هەمیشەش ئاواهی ماوەتەوە. دیالەکتیک هەردووکێتی: میتۆدێکی بیرکردنەوەیە، بەڵام زیاترە لەوەش. با بڵێین دیالەکتیک بنیادێکی تایبەتە کە بە شتەکان خۆیانەوە گرێ دراوە. هەروابێتەوە لە سۆنگەی کۆمەڵێک هۆکاری بنەڕەتیی فەلسەفییەوە دەبێت دیالەکتیک ببێتە پێوەری تێڕامانی فەلسەفییش.

دیالەکتیک لای ئەفلاتوون مانای ئەوەی دەگەیاند کە بیرکردنەوەی فەلسەفیی هەروا بە سادەیی لەوێدا گیر ناخوات کە تیایدا وەستاوە، بەڵکوو بەردەوام دەبێت لە ژیان کاتێک دنەی ئاگاییمان دەدات بەبێ ئەوەی خۆیشمان پێی بزانین. [بە دەربڕینێکی دیکە، دیالەکتیک ماهیەتێکی چالاک و بزۆکی هەیە و کاریگەریی بە سەر بیرکردنەوە و چی وتن و چۆن وتنیشەوە هەیە].

دیالەکتیکی ئەفلاتوونی ڕێ و ڕێباز (دۆکترین)ێکە بواری ڕێکخستنی چەمکەکانمان بە درووستیی پێ دەدات، واتە هێی بەرزبوونەوە لە ئاستی بەرهەست (کۆنکرێتی)ەوە بۆ باڵاترین و گشتەکیترین (یونیڤێرسال) ئاست. لە بناوانەوە، «ئایدیاکان» چەمکە گشتییە هەر باڵاکانن کە بیرکردنەوە پێیان بگات. لە لایەکی دیکەشەوە، دیالەکتیک توانستی ڕیزبەندیی و پۆلێنی ئەم چەمکانەیە بە درووستیی. پرسی پۆلێنی ڕاستی چەمکەکان ئەو کێشەیە لای ئەفلاتوون زەق دەکاتەوە کە چۆن چەمکەکان بە شێوازێکی وەها دابڕێژین لەگەڵ شتەکان جووت بێنەوە - ئەو شتانەی کە ئەم چەمکانە لەخۆیان دەگرن.

لە سەرێکەوە، پێویستمان بە دارشتنی لۆژیکییانەی چەمکەکانە، بەڵام ئەمە بە بەزۆرەملێ بەپێی ئەم یان ئەو نەخشە بەدی نایەت، بەڵکوو پێویستە چەمکەکان بە شێوەیەک دابڕژرێن کە لەگەڵ شتی بەرباسدا جووت بێنەوە. دەکرێت ئەمە بەراورد بکەین بە سیستەمە ڕووەکناسییەکەی کارڵ لینایۆس و سیستەمە سرووشتییەکەش کە بەگوێرەی بنیادی ڕووەکەکان دارێژراوە. کەوابێچەمکە نەریتییەکەی دیالەکتیک لە بنجوبناوانەوە میتۆدێکی ڕێکخستنی چەمکەکان بوو.

لە سەرێکی دیکەشەوە، ئەفلاتوون خۆیشی ئاگادار بوو ئێمە





هەروا بە سادەیی نازانین ئاخۆ ئەو ڕیزبەندییە چەمکییەی ئێمە بۆ شتەکانی دادەنێین هەمان ئەو ڕیزبەندییە وا ئۆبێکتەکان خۆبەخۆ هەیانە یان نا. ئەفلاتوون و ئەرستۆش جەختیان لە گرنگیی لەچێوەدانی چەمکەکانمان بەگوێرەی سرووشت دەکردەوە، بۆ ئەوەی ئەم چەمکانە بە درووستیی گوزارشت لەوە بکەن وا فامی دەکەن. بەڵام ئایا ئێمە دەتوانین شتێکی ئەوتۆ لەبارەی بوونی نا-چەمکییەوە (non-conceptual being) بزانین کە لەودیوی چەمکەکانن؟ ئێمە ئاگامان لەوەیە چەمکە دیاریکراوەکانمان تووشی ئاستەنگ دێن، بۆیە لە سۆنگەی ئەم گرفتانەوە، ناچارین پەرە بە زنجیرەیەک چەمکی گونجاوتر بدەین. ئەمەیە ئەزموونی بنەڕەتیی دیالەکتیک: شێوازی بەرەوپێشبردنی چەمکەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو شتەی گوزارشتی لێ دەکەن. دەبێت هەوڵ بدەین و بەراورد بکەین ئاخۆ پێدراو [یان دەربڕاو] هاوتایە لەگەڵ چەمکە پەیوەستەکەی یان نا.

دیالەکتیک بەکردەیی میتۆدێکە ئاماژە بە پرۆسەی بیرکردنەوە دەکات، بەڵام جیاوازیشە لە میتۆدەکانی دیکە، بەو پێیەی دیالەکتیک بەردەوام تێدەکۆشێت تا چەق نەبەستێت، بەردەوام بە حسێبکردن بۆ شتەکان خۆی ڕاست دەکاتەوە. ئاواهی دەتوانین دیالەکتیک بەو جۆرە بیرکردنەوەیە دابنێین وا تەنها بە ڕێکخستنی چەمکەکان دانەسەکنێت، بەڵکوو ڕێکخستنە چەمکییەکە ڕاست دەکاتەوە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ بوونی ئۆبێکتەکان[٤]. شادەماری بیرکردنەوەی دیالەکتیکیش هەر لێرەیە، واتە لە چرکەساتی دژیەکیدا. دیالەکتیک پێچەوانەی ئەوەیە کە بە گشتیی دەدرێتە پاڵی: لەباتی ئەوەی تەنها

تەکنیکێکی چەمکییانەی هەمەلایەن بێت، هەوڵێکە بۆ زاڵبوون بە سەر قۆستنەوەی چەمکییانەی ڕووتوقووت، بۆ پاراستنی گرژیی نێوان بیرکردنەوە و ئەو شتەی فام دەکرێت لە هەموو ئاستێکدا. دیالەکتیک میتۆدێکی بیرکردنەوەیە و زیاترە لە میتۆدێک، هەوڵێکە بۆ زاڵبوون بە سەر خەسڵەتی سەپێنەر[٥]ی میتۆد و چەمکاندنی ئەو شتەی خۆی چەمک نییە.

سەبارەت بە پرسی «زیادەڕۆیی (موبالەغە)ش»[٦]: وتراوە گوایە پێویستە هەقیقەت هەمیشە ئاستە سادە یان بەراییەکە بنوێنێتەوە، لە کاتێکدا ئەوەی نابەردەست و دوورترە تەنها وەک زیادەیەکی سەپێنراو هەیە. بەپێی ئەم تێڕوانینە، جیهان هەمان ئەو ڕووکارەیە وا دەینوێنێتەوە. ئەرکی فەلسەفەیە لە بنەڕەتەوە دژی ئەم ئایدیایە بوەستێتەوە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی خۆی دەبوێرێت لە هەوڵی زاڵبوون بە سەر ئایدیا چەسپاوەکان، هیچ نییە جگە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەو شتەی سەرپێیانە دەیڵێین و بیری لێ دەکەینەوە. فەلسەفە دەبێت یارمەتیمان بدات نەبینە کەسانی گەمژە. جارێکیان هیگڵ، لە گفتوگۆیەک لەگەڵ گۆتەدا، دیالەکتیکی وەک «ڕۆحی ڕێکخراوی ناکۆکیی – 'the organized spirit of contradiction» پێناس کردووە. هەر بیرکردنەوەیەک، کە ڕووکار یان وەهمی پێویست[٧] کە ئایدیۆلۆژیایە، پێشێل دەکات، زیادەڕۆییەکە. مەیلی دیالەکتیک بۆ بزوان بەرەو ئەوپەڕگیریی[٨] ڕێکوڕاست ئەمڕۆ بە کەڵکمان دێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو فشارە لەڕادەبەدەرە ببینەوە وا لە دەرەوەڕا دەخرێتە سەرمان.

خەسڵەتی بیرکردنەوەی دیالەکتیکیی تەنها ئەقڵمەندیی[٩] نییە،





چونکە کتومت هەوڵی بیرکردنەوەیە بۆ ناسینی سنوورەکانی بە گەڕانەوە بۆ پرسی بەرباس. ئایا بیرکردنەوە بە چ شێوازێک، لە چوارچێوەی خەسڵەتپێدانە-هزرییەکەیدا، سەرکەوتوو دەبێت لەوەی هەق بە پرسی بەرباس بدات؟ هیگڵ لە فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحدا دەڵێت؛ بێنێوانگیریی (یان ڕاستەوخۆیی)[١٠] لە هەموو ئاستێکی ئەو ڕەوتەی بیرکردنەوە دەیگرێتە بەر، دەگەڕێتەوە. جار لە دوای جار بیرکردنەوە ڕووبەڕووی ئەم یان ئەو دژیەکیی دەبێتەوە کە دەتوانین بە سرووشت[١١] ناوزەدی بکەین. تەنها بە دەرگیربوونێکی بەردەوام لەگەڵ کێشەی پۆزەتیڤیزمدا دەتوانین دەروازەیەک بۆ دیالەکتیک دەست بخەین. دەروازەیەکی ئاواهی نارسکێت ئەگەر پێوەرەکانی پۆزەتیڤیزم نادیدە بگرین. بەپێچەوانەوە، دەبێت لە بەرانبەر خۆیاندا هەڵیان بسەنگێنین و بەم جۆرەش بچینە ئەودیوی چەمکی خۆیانەوە. پۆزەتیڤیزم «جیهانبینیی» نییە، بەڵکوو توخمێکی دیالەکتیکە!

هەوڵم دا کێشە یان ئاستەنگێکتان پێ بناسێنم کە ئەگەر بمانەوێت سەرمان لە چەمکی دیالەکتیک دەربچێت، گرنگە لە سەرەتای سەرەتاوە لێی تێبگەین. ئاستەنگەکەش ئەمەیە: لە لایەکەوە، دیالەکتیک میتۆدێکی بیرکردنەوەیە، لە لایەکی دیکەشەوە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی هەق بە خەسڵەت[١٢]، چۆنێتیی یان تایبەتمەندییەکی بابەتیی بەرباس بدەین. هیگڵ لە پێشەکیی فینۆمینۆلۆژیای ڕۆحدا پەنجە دەخاتە سەری، کاتێک بە ڕوونیی دەربارەی «جوولە یان ڕەوتی چەمک»[١٣] دەدوێت، لەوێدا «چەمک- کۆنسێپت» ئەم مانا دووسەرەی هەیە: لە لایەکەوە، ئەو چەمکەیە وا بە سەر شتەکاندا جێبەجێی دەکەین، یان با بڵێین ئەو میتۆدە پیادەکراوەی

لەڕێیەوە لە «چرکەسات»ە چەمکێنراوەکان تێدەگەین، وێڕای ئەوە، لە لایەکی دیکەوە ژیانی ئەم بابەتەشە. چونکە لای هیگڵ، وەک دواتر دەیبینن، چەمکی شتێک[١٤] تەنها ئەوە نییە کە لە شتەکانەوە هەڵدەکێشرێت، بەڵکوو کرۆکی شتەکەش پێک دەهێنێت. سەرەتا ئاستەنگی نزیکبوونەوە لە چەمکی دیالەکتیک، بە تایبەت لای کەسانەی نائاشنان بەم بوارە، هەروەتر ئاستەنگیی دیاریکردنی مانای ڕێتێچووی هەر ئایدیا یان تێگەیشتنێک، کەوتووەتە هەناوی ئەو خاڵەی پێشتریش ئاماژەم پێ دا: ئەو ڕاستییەی وەها دیارە وەک بڵێی لە سەرێکەوە دەربارەی ڕێکارێکی بیرکردنەوە دەدوێین کە دەتوانین فێری بین، لە کاتێکدا لە سەرێکی دیکەوە دەربارەی ئەوە دەدوێین وا لە شتەکە خۆیەوە دەکەوێتەوە.

بەم جۆرە گوێبستی قسەوباس دەبن لەمەڕ میتۆدی دیالەکتیکیی وەک ڕێکارێک بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێک بەگوێرەی جووڵەی پێویستی ناکۆکییەکانی خۆی. بەڵام دواتر گوێتان لە باسی «دیالەکتیکێکی ڕاستەقینە»ش دەبێت، ئەگەر دەربڕینێک بەکار بێنین کە کەمتازۆر بووەتە قسەی سەر زاران، بە تایبەت لە هێرمان واین بەولاوە. مەبەستمان لەمەش ئەو دیالەکتیکەیە وا لە هەناوی شتەکە خۆیەوە دەردەکەوێت، کە وادادەنرێت بە ناکۆکییەکانەوە دەجووڵێت بەگوێرەی چەمکەکەی. ڕەنگە یەکسەر بە بیستنی ئەم ڕوونکردنەوەیە، وەک بەرەنجامێکی لۆژیکیی نەبوێردراو، پێتان وابێت پێویستە گریمانەی چەشنە یەکبوون و هاوتاییەک لەنێوان بیر و بوون بکەین، ئەمەش ئەگەر بمانەوێت لە چەمکی دیالەکتیک تێبگەین بەو جووتمانابییەی هەوڵم دا بیخەمە ڕوو...





[١]ئەدۆرنۆ لە ساڵی ١٩٥٨ زنجیرە وانەوتارێکی لە زانکۆی گۆتە بە ناونیشانی «دەروازەیەک بۆ دیالەکتیک» لە فرانکفۆرت پێشکەش کرد، کراوەتە کتێبیش. لێرەدا وانەوتاری یەکەم و سەرەتای وانەوتاری دووەم بەردەستن.

[٢] conceptual devices

[٣] شێوە

[٤] the being of the objects

[٥] arbitrary

[٦] exaggeration

[٧] necessary illusion

[٨] extremes

[٩] intellectualist

[١٠] immediacy

[١١] nature

[١٢] determination

[١٣] the movement of the concept

[١٤] the concept of a thing

## سەرچاوە:

An introduction to dialectics, Theodor W. Adorno, Polity Press, ٢٠١٧.

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

**لەم شوێنانە بەردەستە**

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کوژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزا و ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەڵا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مە حوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم وزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەر مارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com